ژیان بینینی باخچەیکە لەپەنجەرەی بەسراوی فەکەیەك،
هەواڵی ڕەیشتنی مووشەکەکە بە ئاسمان،
هەستکردنەوەی تەنیایی مانگ،
بیرکەی بەنی گوە لە ئەستێرەیکی دی،
ژیان شووشتنی قاپکە،
ژیان دەزینەوەی قەڕپووکە لە جگەی شەقامدا،
ژیان "بن ڕیشە"ی ئاوەنەیە،
ژیان گوە بەتەوانی ئەبەدیەت،
ژیان لەکدانی زەوینە لە لەدانی دڵی ئەمە،
ژیان هەندەسەی ساکار و یەکبوونی هەناسەیە،
لە هەر شوێنکدا بم،
با هەبم،
ئاسمان بە منە،
پەنجەرە، هەوا، ئەڤین، زەوین، هەموو هی منە،
گرینگ نییە ئەوەی،
جاربەجار،
کارگەکانی غووربەت دەوە،
من نازانم،
بەچی دەڕۆن: ئەسپ ئاژەڵکی ڕەسەنە، کەتر جوانە،
بەچی لە قەفەسی کەس، سیسارك نییە،
سەپەڵە چی کەمترە لەگوڵاڵەسوورە،
دەبە چاوکانمان بشەین، بەجەرکی دی بەوانین،
دەبە وشەکان بشەین،
دەبە وشەخەی با و باران بەت،
چەترکان دەبە دابخەین،
بەژەر باراندا ڕەکەوین،
دەبە هزر و بیرەوەری بگەازینەوە ژەر باران،
لەگەڵ خەکی شار بەژەر باراندا ڕە بکەین،
لەژەر باران هاوەیەکمان ببینین،
دەبە ئەڤین ببینە ژەر باران،

لەژێر بارانداا لەگەڵ ژن بنوێین،
لەژێر بارانداا گەمە بکەین،
لەژێر بارانداا بنووسین و قسان بکەین،
چاندی نیلووفەر بکەین،
ژیان بەردەوام تەڵ بوونەوەیە،
ژیان مەڵکردن لە ئەستێرکی ئیستایە،
جلەکانمان داکەنین،
تا ئاو هەنگاوەکە،
ڕووناکی تام بکەین،
شەوی گوندەك و خەونی ئاسکەك هەڵسەنگینین،
لەگەرمی هەلانی لەقڵاق تێبگەین،
یاسای چیمەن لەژێر پێ نەنین،
لەباخی ئازدا گرێ چێژ بکەینەوە
کەمانگ هەڵهات زار بەقسە بێنین،
نەڵێین شەو خراپە،
نەشێین، گوڵ, ئەستێرە تە ناگات لەوانگەی باخ،
دەسچنێك بهێنین،
ئەم هەموو سوور و سەوزاییە ببین،
بەیانیان نان و پەنیرك بخەین و
لە قەمچی هەر وتەیەکدا نەمامك بچێنین،
تەوی بەدەنگی لەنەوی دوو دەنگدا بپرژێنین و
نەخوێنین پەرتووکك کەشنەی بای تەدا نییە، و
پەرتووکك کەبە پەستی ئاونگ تەڵ نییە ،
کتێبەن کەسللولەکان چوارچەوەیان نییە،
نەمانهەوێت، مەش بفڕێ لەسەر قامکی سروشت،
خوازیاری مەرگی پڕەنگ نەبیین،
بزانین ئەگەر کرم نەدەبوو، ژیان شتێکی کەم بوو،
نەبوونی "وەن" خەسار بە یاسای درەخت بوو،
ئەگەر مەرگ نەدەبوو دەستی ئەمە بەدوای شتێکدا دەگەڕا،
ئەگەر ڕووناکی نەدەبوو، یاسای فەین دەگەڕا،
بەر لە"مەرجان" بەتاییەك لەهزری دەریادا بوو،
پرسیار نەکەین لەکوێداین،
بەنی گوولبەری جوانی نەخشانە بکەین،
نەپرسین بەختەوەری لەکوێدا هەڵدەقووڵێ،
نەپرسین بەچی دڵی ڕاستی شینە،
نەپرسین، با و باپیران چ سروە و چ شەوکیان بێ کردووە،
ڕابردوو دونیایەکی زیندوو نییە،

ەابردوو باەندە ناچریکەنە،
لەەابردوو با هەەناکات،
لەەابردوو پەنجرەی سەوزی سنەوبەر بەسراوە،
لەەابردوو لەسەر خولخولەکەکان تەز نیشتوە،
ەابردوو ماندوویی مەژووی،
ەابردوو، بیرەوەری شەپەلە بە قەراخی گوەچکە ماسیی سارد و بە دەنگ
ەژاوە،
بەەەنە قەراخی دەریا،
تەە هەەدەینە ئاو،
گەشە لەدەریا بەدەست بەنین،
ەەخەك لە زەوین هەەگرین،
هەست بە قورسایی هەبوون بکەین،
جوەن بە تریفە نەدەین ئەگەر تامان لە هات،
(بەەکجار لەیاودا بینیمە
مانگ دەتە خوارەوە،
دەست دەگاتە ئاسمان،
بینیمە بوولبوول جوانتر دەخەەنە،
جار بەجار ئەو بریناەی کەبەپەمدا هاتووە،
بەبەرز و نزمی ژیان پەروەردەی کردووم،
زەر جار لەکاتی ناخەشیدا،
بارستایی گوە چەندین جار گەورەتر دەبوو، و
زیادەی کردووە ەیسەی نارنج و تیشکی لەنتەر)
لەمەرگ نەترسین،
(مەرگ کەتایی کەتر نییە،
مەرگ پەچەوانەی بەرزە چە نییە،
مەرگ لە زەینی ئەرخەوانکاندایە،
مەرگ لە کەش و هەوای خەشی بیردا …
دانیشتووە،
مەرگ لە سروشتی شەوگاری لادەدا لە کازیوە ئەدوە،
مەرگ لەهوشەی تەرە خەی دەدا بەدەممانداە،
مەرگ لەگەرووی قوەگی سووردا دەخەەنە،
مەرگ بەرپرسیارە لەجوانی باەی شاپەەك،
مەرگ بەەکجار ەەەحان دەچنەتوە،
بەەکجار مەرگ قودکا دەنەشە،
زەربەی کات لەسەبەر دانیشتووە و چاوی لەئەمەدایە،
هەموومان دەزانین،
سییەکانی چەژ پەە لەئوکسیجنی مەرگ،

لەسەر قسەی زیندووی چارنووس دەرگا دانەخەین،
کەلەپشت پەرژینەکاندا دەنگی دەبیستین،
پەردە لادەین،
با هەست هەواینك هەڵمژێت،
با ئیحتیلام بژێر بنچکەکدا بحەستێوە،
با توانایی دەست بگەمە بکات،
پەناوەکانی دەربهەنێت و
بەدوای وەرزەکاندا بازهەدات بەسەر گوڵەکاندا،
با تەنیایی گەرانییەك بچڵێ،
شتەك بنووسێ،
بەشەقامدا پیاسە بکا،
ساکار بین،
چ لەبانکەکدا و چ لەژێر درەختەکدا ساکار بین،
پەناسەی نهەنی گوڵی سوور کاری ئەمە نییە،
کاری ئەمە هەنگڤ ئەمە بێت،
کەلە"ئەفسوونی" گوڵی سووردا مەڵە بکەین،
هەبەمان لەوبەری دیواری زانستدا بێت،
دەستمان لەجەزبەی گەڵایەك بشەین و بچینە سەر خوان،
هەموو بەیانییەك لەکاتی خەرهەاتن لەدایک بین،
وروژاندن بفەنین،
بەسەر فیکری هەوادا، هەنگ، پەنجەرە، گوڵی شەدار بپرژێنین،
ئاسمان بخەینە مەودای دوو هەبوون،
سییەکان لەئەبدیەت پە و خاڵی بکەین،
باری دانایی لەپشتی پەڵەسیلکەدا بهێنینە زەویین،
ناو لەچنار، مەش، هاوین، وەربگەرینەوە،
سەرکەوین بەپە باران، بەدرەژایی خەشویستن هە بکەین،
دەرگا بەڕووی مرەق و هووناکی و سەوزایی و مەروو، ئاوەها بکەیین،
کاری ئەمە هەنگڤ ئەمە بێت،
لەبەیین گوڵی نیلووفەڵ و سەدەدا،
بەدوای نەغمەی هاستیدا بەیین.

کاشان،گوندی
چنار،هاوینی 1343

سوهرابی
سپهری

وەرگێڕ:

سوهەیلا مەهەمی

لە کتێبی: هەشت کتێب

سوتان … سڵام عومەر

وەکو تریسکەی ئەستێرەو
جوانی ئاسمانێکی ساوی
بەیام لە ناخی تینومدا
لرفەی گەی و داگیرساوی

بەیەی دەتا سەرناکەوم
چونکە ئەجگار پەچاوپەچن
بەنەو نیگاشتدا نایەم
ئاخر هەستم رادەپەچن

رەگەی دەی من قەدبە
دەتوانی تە بەوەدا بەی
هەرگیز لە سوتان نەترسی
دەنیام ئەجگار زوو رادەی

عێراق لەچاوەوانی حکومەتێکی نوێدا… ئەحمەد کامەران

… ماوەی دوو مانگە لەنو گەپانی عێراق دەنگێکی گەورەی

ناڕازەیەتی هەڵگیسراوە , کە لەچەندین چین توژ پڵك هاتبوو کە ئەم دەنگە ناڕازایەتیە چەندین ناوی بەدوای خۆی دا هێنا کە دیارترینیان ناسرابوو بە شێشی دژی گەندەڵکاران, لە دەرئەنجامی ئەم دەنگە ناڕەزایەتیەدا بە چەندان هاوڵاتی عێراقی بوونەتە قوربانی دیارترینیان ئەوەی لە ناسریە ڕوویدا کە خوێن ڕشتنکی گەورەی بەدوای خۆی دا هێنا چوونکە ئیتر تووڕەیی گەل لە ئاستکی باڵادایە کە بەهیچ شێوەیەك دامرکاندنەوەی ئەستەمە, هاوکاتیش لە بەردەوامی ئەم خۆپیشاندانەدا کە ماوەی دوومانگی تێپەڕاندوە کەچی لە دەرئەنجامدا وای کرد کە سەرۆك وەزیرانی عێراق عادل عەبدلمەهدی نامەی دەستلەکارکێشانەوەکەی خۆی پێش کەش بە پەرلەمان بکات وە پەرلەمانیش بە زۆرینەی دەنگ دەستلەکارکێشانەوەکەی قبول کرد, هاوکاتیش ئەم دەستلەکارکێشانەوەی بە یەکەم دەستلەکارکێشانەوە دانانرێت لە ماوەی کاری سیاسی دا کە لە ڕابردوودا لە چەندین پۆستی تردا دەستی خۆی لە پۆستکەی کێشاوەتەوە بەڵام ئەوەی ئەم جارەیان جیاوازە چوونکە پۆستی ئەم جارەی سەرۆك وەزیرانە کە ساڵێکیش تێنەپەڕیوە بەسەر دەسەڵاتەکەیدا کەچی وایان لێ کرد دەست بەرداری دەسەڵات ببێتەوە کە هەروەکو ئەوەمان پێ دەڵێت کە گوایە ئەم پیاوە سەرچاوەی هەموو گەندەڵیەکانی نێو عێراق بووبێت بەڵام لە ڕاستی دا گەندەڵیەکە هی سەرچاوەی ساڵانی ڕابردووی عێراقە کە زۆر بەئاسانی بێ ئەو سەرۆك وەزیرانەکانی تر بەڕێوە چوو کە دەستی خۆیان لە پۆستەکانیان نەکێشایەوە,
بەڵام لە ئێستادا عێراق وەکو حکومەتکی کار بەڕێکەی لێ هاتووە بێ ماوەی یەك مانگ , بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای تێبینیە هیوادارام لە یەك مانگ زیاتر تێپەڕ نەکات چوونکە ئەم جارە ڕووداوانە لە نێو گۆڕەپانی سیاسی عێراق بە ئاسانی چارەسەر ناکرێن و بەهۆی بوونی ئەو ململانێ و ئاڵۆزیانەی نێوان لایەنەکاندا, خۆی لە ڕاستیدا بوونی دەست لەکارکێشانەوە لە نێو گۆڕەپانی سیاسەتدا بە سیمایەکی دیموکراسیانە دادەنرێت چوونکە بەهۆی ئەوەی ڕەنگە ئەو کەسە دەسەڵاتکی ئەوتۆی نەبێت بێ چارەسەری ڕووداوەکان کە لە دەرئەنجامدا بە دەست لە کارکێشانەوە ڕەنگە ببێتە دەرگایەك بێ چارەسەری کێشە سیاسیەکانی نێو ئەو وڵاتەدا, بەڵام بێ عێراق تازك پێچەوانەیە چوونکە لە عێراق هەرکەسێك بڵێت و بڵوات هیچ گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ تێدا ڕوونادات , بەهۆی ئەوەی کەسکی خاوەن ئیرادەی بەهێز نایەتە نێو گۆڕەپانی سیاسی عێراق کە بتوانێت بە شێوەیەکی ڕاستەقینە ڕووبەڕووی ئەم هەموو گەندەڵکارانەی نێو عێراق ببێتەوە بە بێ ئەوەی گوێ بێ هیچ بەرژەوەندیەکی خۆی بدات ,ئەگەرنا عێراق هەر بەردەوام دەبێت لە بوونی گەندەڵی و خراپی ژیانی

هاوڵاتیەکانی دا, وە هەرچەندە پاش عادل عەبدلمەهدی پێنج کەس کاندید کراوە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران بەڵام ئاخۆ ئەو کەسانە چ جیاوازیەکیان دەبێت لەگەڵ عادل عەبدلمەهدی واتە ئەو کەسانە کە کاندید کراون کەسانی خاوەن ئیرادەیەکی بەهێزن و دەتوانن تەواوی کێشەکانی نێو عێراق بە شێوەیەکی فراوان کۆتایی پێ بهێنن و ژیانی هاوڵاتیانی عێراق خۆشگوزەران بکەن, بێگومان هەموو کەس ئەوەی دەوێت کە عێراق بەرەو ئارامی بڕوات چیتر لەم فەزای گەندەڵیەدا ڕزگاری بێت کە سااڵنکی زۆرە بەرکی گرتوە کە لە دەرئەنجامدا هاوڵاتی باجە قورسەکەی دەدات و بەتایبەتیش چینی گەنجانی خۆر لە خێ نەدیوی عێراق بوونەتە قوربانی دەستی گەندکارە قۆزەونەکانی عێراق ,
بەڵام ئاخۆ چارەنووسی ئەم هەموو حزب و میلشیاو گرووپانەش چی لێ دێت کە دەستیان ناوەتە نێو ئەم حکومەتە بۆ سەرو بەرەی عێراق هەر بۆیە دەبێت لەم حکومەتە نوێیەدا ئەمانە هەمووی کۆتاییان پێ بێت و عێراق لەسەر دەوڵەتکی مەدەنی یەك دەنگیدا دابمەزرێنرێت بە بێ هیچ جیاوازیەکی ئاینی و مەزهەبیدا , ئەگەرنا هیچ جیاوازیەکی نابێت لەگەڵ حکومەتەکانی تردا وە دووبارە تووڕەیی شەقام بە دوای خۆی دەهێنێتەوە.

2019|12|1

چیرۆکشیعـــــــر لێ ئەدەبـــــی منداڵانی کورد .. ڕزا شـوان

لێ ئێستادا، چیرۆکشیعـر وەکو جۆرکی جـیاوازی ئەدەبی دێنووسرێت و دێناسرێت.
چـیرۆکی شیعـر، بەشـکی لێ ئـەدەب بۆ گـشتی و لێ ئـەدەبی منـداڵان بۆ تایبـەتی. چیرۆکشیعـر دوو هونەرن لێ هونەرکدان. لێ هەمان کاتدا شیعـرێ و چـیرۆکـیش. لێ رووخساردا شیعـرێ و لێ ناوەڕۆکـیشدا چیرۆکێ. بنەما و پێویستێ سەرکیەکانی شیعـر و چـیرۆکیشی تێدایە. وەکو چـیرۆک بـریتیـیە لێ: پێشکی، رووداو، فـەرم، نـاوەڕۆک، گـرێ، کۆتایی. وەکو شیعـریش بریتیـیە لێ: جـوانی

زمان، شێوازی هونەری هەنینەوە، کێش و سەروا، لە ترپە و موزیک. هەموشیان پێکەوە چیرۆکێک دەگێڕنەوە، بە زۆریش چیرۆکێکی ئەندێشەیی زیاتر لەوەی کە چیرۆکێکی ریالیزمی بێت. ئەمش بە نەگی نازانرێت، سروشتیە کە شاعیران پشت بە خەیاڵ ببەستن، دەشێ شاعیرێک لە تاقیکردنەوەیەکی خەیاڵیدا هونەرێکی تەواو بنیاتبنێ و بەازنێتەوە.
کە وابێ ئەمە لە چیرۆکشیعردا چی دەخوێنینەوە، شیعر یا چیرۆک؟ بۆ ئەوەی نوقمی بیرکردنەوە ببین، دەبینین کە ناوەکەی وەاماکەی لەخۆ گرتووە، شیعرە و چیرۆکیشە. چیرۆکشیعر، بەشێکی رەسەنە لە ئەدەبی کوردیمان، چ ئەدەبی گۆرانکان یا منداڵان.

چیرۆکشیعر بە منداڵان، بە شێوازێکی ئاسان و سووک و بە زمانێکی پەتی و ڕەوان و شیرین دەهۆنرێتەوە، کە لەگەڵ قۆناغەکانی تەمەنی منداڵان بگونجێت.. چیرۆکشیعری درێژ هەیە و چیرۆکشیعری کورتیش هەیە.. بە زۆریش چیرۆکشیعر هەمایەی و لە سەر زمانی باڵندەکان و ئاژەڵان دەینووسن و دەیگێڕنەوە.
چیرۆکشیعر، زاخاوی بیر و هۆش و هەستی منداڵان دەدات و چێژ و خۆشیەکی زۆر دەخاتە دڵ و دەروونیانەوە. بە ئاسانیش دەتوانن لەبەریان بکەن، بەیەکزەبەی منداڵان حەز بە خوێندنەوە و بە بیستنی چیرۆکشیعر دەکەن و سوود و چێژیان لەوەردەگرن.
بەیەکەوەیستە کە بەشی منداڵان، لە پەرتووکخانە گشتیەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا، لەگەڵ پەرتووکخانەکانی قوتابخانەکان و کتێبخانە تایبەتیەکانی ماڵکانیش، بەو پەرتووکانە دەوڵەمەند بکرێن، کە چیرۆکشیعریان بە منداڵان لەخۆگرتوون.
لە فۆلکلۆری دەوڵەمەند و ڕەنگینی کوردیماندا، بە دەیان چیرۆک و چیرۆکشیعری خەیاڵئامێز و بە دەیان داستان و ئەفسانەمان هەن، کە بە چیرۆکە شیعر هەڵنراونەتەوە، مەرک و ڕەسەنایەتی کوردییان پێوە دیارن و بەشێکن لە ئەدەبی گەلی کوردمان.
گەلە لە شاعیرانی کۆن و نوێی ناسراوشیمان، چیرۆکشیعری جوانیان بە منداڵانی کوردمان نووسیون.. یا بە تام و چێژێکی کوردییەوە کەمەک چیرۆکشیعری بیانیان وەرگێڕاون بە سەر زمانی کوردیمان.. لێوانێش:
(پیرەمێرد) ی نەمر کە چیرۆکشیعری (قەڵەباچکە و باخەوان، ڕەوی و کۆشکەری)ی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوە بە سەر زمانی کوردیمان.
(فایق بێکەس) چیرۆکشیعری (دوو کۆتر و بۆقێک، یا دوو مراوی و کیسەڵێک، دوو پشیلە و مەیموونێک)، (هەژار موکریانی) چیرۆکشیعری

(کەبوونەوەی مشکان)، (کاکەی فەللاح) یش چیرکەشیعری (شەری ساختە) بەناو بە تام و چێژکی کوردیی گونجاو بە منداڵانی کوردمان وەریان گرتاون بە سەر زمانی کوردی.
هەروەها ش (گەران) و (محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان) و (عومەر عەبدولڕەحیم) و (عەلی عەبدوڵا شەونم) و (لەتیف هەڵمەت) و (سەبریە نوری قادر ـ دایکی سەلاق) و (عەلیەزا محەمەدیان) و (کونی ڕەش) و (محەمەد حەمە باقی) و (سمین چایچی) و (ڕەکاری مزیوری) و (عەلی حەمەشید بەرزنجی) و (محەمەد بەرزی) و (عوسمان شکور) و چەندین شاعیری تری بواری منداڵان، چیرکە شیعری کورت یا درێژیان بە منداڵانی کوردمان نووسیون. بەشکیان سوودیان لە چیرکە فۆلکلۆریە کوردیەکانمان بە منداڵان وەرگرتوون، بە چیرکەشیعرەوە هەنیویانتەوە.
کەمێ ئەفسانەنووسی چیرکەشیعر بە منداڵان، شاعیری فەرەنسی (جان دی لافۆنتین: ١٦٢٠ــ ١٦٩٥) بە داهێنەر و بە پێشەوای چیرکەشیعری ئەفسانەیی بە منداڵان لە جیهاندا دادەنرێت. زیاتر لە (٢٤٣) چیرک و چیرکەشیعری بە منداڵان نووسیون و لە دوانگزە پەرتووکدا چاپکراوان.. زەربەیان وەریان گرتاون بە سەر زەربەی زمانەکانی گەلانی جیهان بە زمانی کوردیشمانەوە.
میری شاعیرانی عەرەبیش شاعیر (ئەحمەد شەوقی: ١٨٦٨ـ ١٩٣٢) کە بە ڕەچەڵەک کوردە، باوکی خەڵکی شاری سلێمانی نیە. شەوقی خۆی لە دەقە شیعرێکیدا دەڵێت: "بە گوێی خۆم گوێم لە باوکم بوو، کە ئاو وتی بە ڕەسەن کوردم و هاتووم لە گەڵ عەرەبدا ژیاوم" ئەحمەد شەوقی ماوی چوار ساڵ لە فەرەنسا بوو، بەوانامەی لیسانسی لە زمانی فەرەنسیدا وەرگرت، بە خوێندنەوەی چیرکە ئەفسانەییەکانی لافۆنتین بە منداڵان زۆر سەرسام بووە، لە پشکی دیوانەکەیدا (شەوقیات) نای شارەتەوە و دان بەم ڕاستییەدا دەنێت، کە چیرکەکانی لافۆنتین کاری تێکردوون و ئیلهام و سوودێکی زۆری لێوەرگرتوون. بەرکەی بشک لە چیروکەشیعرییەکانی لە ئاوەوە وەرگرتوون. بەکو بشکی زەریان لە فەرەنسییەوە، بە تام و چێژکی عەرەبییەوە وەرگەڕاون بە سەر زمانی عەرەبی، بە ئاوەی ئاماژە بەوە بکات کە لە فەرەنسییەوە وەگەڕاون.
لە ساڵانی چلەکان و لە پێنجاکانیشدا، زەربەی قوتابیانی قوتابخانە سەرەتاییەکانی کوردستان، چیرکەشیعری (ڕەوی و کەشکەر) یان لەبەربوو، کە لە بنەڕەتدا چیرکێکی (لافۆنتین)ە (ئەحمەد شەوقی) بە چیرکەشیعرەوە بە منداڵانی عەرەب وەری گەڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. شاعیر و ڕۆژنامەنووس و

بیرمەندی گۆرانی گۆرانکەشمان پیرەمەرد، وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی، بەناو بە تام و چێژکی کوردی زۆر ناسک و شیرین و بۆ کوردییەکی سووک و پاراو و ڕەوان، بۆ منداڵانی کوردمانی هەنیوتاوە، کە زۆر لە دەقەکانی لاڤێنتین و لە دەقەکانی ئەحمەد شەوقیش ناسکتر و ئاسانتر بۆ منداڵان. دەقی چیرۆکشیعری (ریگای و کەشکەر) ی پیرەمەرد:

ڕۆژە مام ڕووی دەهات
دەم بە وێرد و سەوات

* *

دوایی دەیوت بە ئاواز
لەعنەتی خوا لە فەبباز

* *

دنیا هەندەی پڕ ناوە
هەژارە بخەیتە داوە

* *

عومرەکە دەت و دەوا
وا چاکە روو بکەینە خوا

* *

ئاخ ڕۆژە بەیانی زوو
گوم لە دەنگی بانگ دەبوو

* *

خەزگە بە کەشکەرە
بەیانیان بانگ بدەرە

* *

ناردی بە لای کەشکەر
دانی بە دەژنم تەر

* *

ئەو بە بانگم بە بدا
من دەبمە پیاوی خودا

* *

کەشکەر بە راسپێری
وتی بەم فەقێ فێری

* *

بەناو باب و باپیرمان
ئەوی خستە بیرمان

* *

ڕووی بە فڕۆ ناوەستێ
مەگەر تۆپی بەستێ
لەم چیرۆکەشیعرەدا، ڕووی هەمایە بە مرۆڤی فێڵباز و خۆتێنەر، کە دنیاوەت لە ژێر پەردەی ئاین و بە ڕواڵەت پیاوچاک و بە زمان لووسی، کەسانی دڵپاک و خۆشباوەڕ بخۆتێنێ و تەفریان بدات.. بەڵام ئەو کەسانە ناسراون و ناوزڕاون، خۆکی شارەزای فێڵ و پیلان و نیاز خراپیان بوونە، چیتر بەوا بە قسەکانیان ناکەن و ناکەونە داویانەوە.. پەیامی ئەم چیرۆکەشیعرەش ئەوەیە: منداڵان لە داهاتوودا، ئەوە دەزانن کە دنیا پڕە لە ڕووی فڕێباز.. واتە لە کەسانی فڕێباز و درۆزن و بەدکار.
سێ نموونەی کورتی تر، کە دوانیان لە چیرۆکەشیعرییەکانی شاعیر و چیرۆکنووسی گەورەی گەلەکەمان، لە بواری ئەدەبی منداڵانی کوردمان، کاک (لەتیف هەڵمەت) ە، هەڵمەت کەمێک چیرۆکەشیعری بە شێوازێکی ساکار و ئاسان و بە زمانێکی شیرین و ڕەوان و پەتی بە منداڵانی کوردمان نووسیوە، وەکو خشتی ئاماژەی پێکردوون سوودی لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی و لە چیرۆکی بیانی وەرگرتوون، یان زادەی خەیاڵ و هەزری خۆیەتی.. نموونەی یەکەم چیرۆکەشیعری (کوردستان: دیوانی منداڵان)

پیرەمێرد

چوون قوتابخانەی گوندێ
لێ حەوشەدا ڕاوەستا
دەوریان لێدا مامۆستا
هاخاڵێ گیان
چیت گڕگڕ هاخاڵێ گیان
پیرەمێردی بەستەزمان
کە لاواز بوو وەک گەچان
وتی توخوا مامۆستا گیان
فەرم ناکەی چۆن بنووسم کوردستان

لەتیف هەڵمەت، ئەم پیرەمێردەی کردووە بە هەمای دەسەزی و کوردستان پەروەری، دیاوەت لە ڕێی ئەم پیرەمێردەوە، پەڕش و خۆشەویستی و هاوبەستبوون بە کوردستانی نیشتمانی شیرینمان، لە دڵی منداڵانی کوردمان شیرینتر بکات.
نموونەی دووەم لە چیرۆکەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەت (ڕاوێ

کۆ: دیوانی منداڵان)
کە لە چیرۆکەکی روسییەوە وەری گرتووە، بە چۆکی کوردییەوە هۆنیوەتەوە:
هەبوو نەبوو ژانی زوو
راوچی یەک بوو
لەم هەرد لەو گرد
ژۆر کۆکی راو کرد
خەیاڵی پووچ کەوتە سەری
کەوی کۆی کردە بەری
راوچی چەپۆک
بە رووانەت خەی کرد بە کۆک
وتی ئیتر کۆک و بزن
لەو کەوە سە ناکەن لە من
لە ملی کرد ژەن و تفەنگ
لە دۆکدا مات بوو بە دەنگ
چاوەڕێ بوو وەکو ڕەوی
بە فڕێ قە کات کۆی
راوچی یەکی تر لەولاوە
بە ئاگا لەم بەند و باوە
روانی کۆی راوەستاوە
خەی بە خستە پەناوە
تەق دوو گوللەی لە دەی دا
زریکانی و گەنگەی دا
راوچی بەی چەند شیو و کەل
چووە سەری بە پەلە پەل
روانی کۆی نییە پیاوە
لەو کەوەدا خەی مات داوە

* * *

ئەوەی پەستی خەی بگۆ
ئەوەی لە خەی بتەڕ
بەد و نابووت و زۆ
ئاخری هەر گوللەی تۆ
دە و مەشکی دەپژێنە
لەناو خۆنا دەیگەوزێنە
بژی مەڕەی پاک نیاز
بمرە مەڕەقی فەباز
کاک لەتیف لە کەپلەی دواییدا، مەبەستی چیرۆکەیشیعرەکەی بە

منداڵانی کوردمان رووەن کردەتەوە. (راو کەو) وەکو دەبینن، شیعریش و چیرۆکیش.. ئەم چیرۆکەشیعرە لە فۆلکلۆری کوردی و لە فۆلکلۆری هەندێ لە نەتەوەکانی تریشدا هەیە.

دەمەوێت ئەوەش بڵێم، کە بە منداڵان ئەو چیرۆک و چیرۆکەشیعرانە پێسەندن کە کوتاییەکانیان، بە گۆشبینی و هیوابەخشین و سەرکەوتن و خۆشی کۆتاییان بێت.. نەک بە ڕەشبینی و خوێن ڕشتن و کوشتن و کارەسات و تراژیدیا کۆتاییان بێت.

مەرجیش نییە کە هەموو چیرۆکەشیعرێک کۆتاییەکی مەبەستداری هەبێت.. لەوانەیە بە خۆشی و شادی و بە خەندە خستنە سەر لەوەکانی منداڵان هەنرابێتەوە..

نموونەی ئەم جارەش، چیرۆکەشیعرێکی شاعیری ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بواری ئەدەبی منداڵانی کوردمان کاک (عەلیەزا محەمەدیان) بە نموونە دەهێنینەوە کە لەژێر ناوی (ماسی خانم) دایە، کە بە دیالێکتی لوڕی (بە شێوازی ئەردەلانی) داینا وە:

ماسی خانم ناو دەریا
چارشێوی دا بە سەریا

* *

کەفتە ڕێگا خرتە خرت
شیرین شیرین وردە ورد

* *

ماسی خانم کەوشی نەوو
ماڵکەیان حەوشی نەوو

* *

وەختی چوو بە سەر کووجی
چاوی کەفتەو بە جی جی

* *

جی جی زەردەواڵە بوو
منا ئەو بەر ماڵە بوو

* *

وتی قەزات لە گیانم
ڕێگەی هەس و ئەزانم

* *

ماسی کەوشی لە پا کەند
وتی ئیمڕۆ بە تەم سەند

باسکردن و لێکدانەوە و شیکردنەوە لە چیرۆکشیعر زۆر لەمە زیاتر هەڵدەگرێت.
کە بە چوار پەنج لاپەڕە کۆتایی پێ بهێنین..
نازانم بە هۆندە لە نووسەرانی کوردمان، کە پەلەنی ژانرۆکانی چیرۆکیان کردووون، چیرۆکشیعریان بە لاوە ناوە و لە ریزبەندی پەڵەن کردنی چیرۆک یا شیعردا دایان نەناوە..؟ وەکو ئەوەی کە بایخێکی ئەدەبی نەبێت بە لایانەوە.. بەڵام هەر لێکدانەوە و باسێک دەربارەی جۆرەکانی چیرۆک، گەر چیرۆکشیعر بەلاوە بنێن، لێکدانەوە و باسکی ناتواون.

ڕزا شوان

نۆرویج: ١ی/دەسەمبەر/ ٢٠١٩

مەمەد ئەکتاش: یەماز گۆنای کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سینەمای جیهان داناوە

مەنسوور جیهانی ـ "مەمەد ئەکتاش" سینەماکاری کورد و بەڵووبڕیی کەمپانیای سینەمایی "میتەس فیلم" گوتی: "یەماز گۆنای" کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سینەمای جیهان داناوە.

"مەمەد ئەکتاش" سینەماکاری کوردی دانیشتووی وڵاتی ئەمانیا و بەڵووبڕیی کەمپانیای سینەمایی "میتەس فیلم" سەبارەت بە فیلمی دیکەمێنتاریی "ئەفسانەی پاشا ناشیرینەکە" The Legend of the King سەبارەت بە ژیانی سینەماکاری هەرمانی کورد "یەماز گۆنای" Yilmaz Güney لە دەرهێنانی "حوسێن تەباک" سینەماکاری کوردی دانیشتووی وڵاتی ئەمانیا کە لە دوازدەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی "سینەما حەقیقەت" Cinema Verite نمایشکرا گوتی: ئەم فیلمە لەسەر ژیانی "یەماز گۆنای" باوکی سینەمای کوردییە کە ماوەی حەوت ساڵ کاتی خایاند تاکوو ئامادەبێت و زۆر خەشحاڵم کە لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "سینەما حەقیقەت" پێشکەش کرا،

سینەمای ئێران لە ئاستی دنیادا پگەیەکی تایبەتی هەیە و دەرفەتکی باشە کە سینەماکارانی ئێرانی "یەمماز گەنای" بە باشی بناسن.

گوتیشی: سینەمای ئێران بەتە سینەمایەکی نەودەوەتی و ئێستاکە دەستەکی باشی سینەمای کوردییە و پشەوازیی یگجا زری سینەماکارانی ئێران بە بینینی فیلمی دیکەمێنتاریی "ئەفسانەی پاشا ناشیرینەکە" ئەمنی زەر خشحاڵ کرد. سێ ساڵ پش ئێستاش فیلمی سینەمایی "ەشبا" لە فستیڤاڵی جیهانی فیلمی فجر نمایشکرا و هەمووی ئەم هەنگاو و پیوەندییانە زەر دەخشکەر و کاریگەن.

ئەم بەرهەمهێنەر کوردە سەبارەت بە کاریگەریی "یەمماز گەنای" لسەر سینەماکارانی ئێران و جیهان گوتی: لگەڵ خوالخشبوو "عەباس کیارستەمی" لە فستیڤاڵی نەودەوەتی فیلمی "کان"ی فەنسا بە تەرووتسەلی قسەمان کرد و ئەو بە منی گوت کە فیلمی سینەمایی "ئومید" Umut لە دەرهێنانی "یەمماز گەنای" زەر کاریگەریی لسەر کردووە و هەروەها سینەماکارانی بناوبانگی ئێرانی وەکوو "ئەمیر نادری" و "موحسین مەخملباف" کاریگەریی ئەم سینەماکارە کوردیان بسەرەوە دیارە و کەکیان لەوەرگرتووە.

گوتیشی: "یەمماز گەنای" یەکەمین دەرهێنەر بوو کە سینەمای کوردی بە دنیا ناساند، کاتێک کە ئەمە فیلمی دیکەمێنتاریی "ئەفسانەی پاشا ناشیرینەکە"مان ساز دەکرد، "ئەلخاندرە گەنسالێس ئینارێتە" Alejandro González Iñárritu دەرهێنەری مەکزیکی فیلمی سینەمایی "بابڵ" پی گوتین کە یەکەمین جار کە فیلمی "یەم"ی لە سینەماکانی مەکزیک بینیوە، بیاریداوە کە ببێتە دەرهێنەر. "ماتین ئیسکەرسیزی" Martin Scorsese گوتی ئەگەر من پش ئەوەی کە فیلمی "شفیری تاکسی"م Taxi Driver ساز کرد، "یەمماز گەنای"م بناسیبایە، بە هوانینکی دیکەوە ئەم فیلمەم ساز دەکرد. دەتوانم بڵێم "یەمماز گەنای" کاریگەرییەکی گەورەی لسەر سینەمای جیهان داناوە و تا ئێستاش لە قوتابخانە سینەماییەکاندا بەرهەمە هەرمانەکانی ئەو وەکوو وانەی خوێندن دەگوترێتەوە.

ئەم بەرهەمهێنەرە بەئەزموونە سەبارەت بە قناعی ئامادەکردنی فیلمی دیکەمێنتاریی "ئەفسانەی پاشا ناشیرینەکە" گوتی: من پلانی سەرەتایی سیناریۆی فیلمەکەم نووسی و پاشان بە "حوسێن تەباک"دا کە ئەوکات قوتابی "میشێل هانیکە" Michael Haneke بوو و لە ئاکادیمیای ئەم سینەماکارە مەزنە سینەمای دەخوێند. من ئەو کاتەی

کە دەستم بە کاری سینەما کرد زۆرم حەز لێبوو کە کارێک بۆ "یادەماز گەنای" بکەم. چونکە "یادەماز گەنای" لە سینەمای تورکیادا شاکارێکی ساز کرد و هەروەها دەستپێکی سینەمای کوردی بوو. و وەکوو دەرهێنەرێک لە دنیای ئیسلامدا بە یەکەمین جار لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "کان" لە وڵاتی فەڕەنسا خەاتی گۆرەی زێڕینی "چڵە خورمای" بەدەستهێنا.

گوتیشی: تایبەتمەندیی هەر گۆرەی "یادەماز گەنای" ئەوە بوو کە ئەوکاتەی کە زیندانەدا بوو، لە بەندیخانەوە دیکۆپاژکانی بە یاریدەدەرکانی دەنارد و ئەوانیش فیلمی سینەمایی "یاد"یان وەنگەرت و بەم شێوەیە دەرهێنانی بۆ ئەم بەرهەمە سینەمایییە ئەنجامدا.

ئەکتاش لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: "یادەماز گەنای" فیلمکانی بە شێوەیەک سازکردووە کە هەر نەتەوەیەک لە ڕۆژهەاتی ناوەاست سەیریی بکات خۆی و شوناسی خۆی تیایدا دەبینێتەوە. ئەم سینەماکارە کوردە بە هەی ئەندێشەی مرۆڤایەتییەوە ژیانی خۆی لەدەستدا.

بەاوبەریی کەمپانیای سینەمایی "میتس فیلم"ی ئەمانی سەبارەت بە وتەکانی "میشائیل هانیکە" Michael Haneke و "کەستا گاوراس" Costa-Gavras سەبارەت بە کەسایەتی و پێگەی "یادەماز گەنای" گوتی: "یادەماز گەنای" ئەو کاتەی کە لە فەڕەنسا دەژیا لەگڵ کەمەک دەرهێنەر لە سینەمای جیهان پەیوەندییەکی دەستانەی باشی هەبوو، کە یەکێک لەوانە "کەستا گاوراس" بوو، "یادەماز گەنای" بەتەمابوو کە لە وڵاتی یەنان فیلمێکی گۆرە بەرهەمبهێنێت و ئەم دەرهێنەرە ناودارە یەنانییەش بیاروابوو کە هاوکاریی بکات. "کەستا گاوراس" کاتێک کە باسی گەنایی دەکرد تەنیا دەگریا، یەگجار زۆر هەڤاڵی یەکتریی بوون.

یادی ٦ هەمین ساڕۆژی تیرەری

کاوە گەرمیانی لە لەندەن بەرز دەگیرێت!

بانگەواز بۆ وەستانکی ناڕەزایەتی لەبەردەم نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان
ڕۆژی: پێنج شەممە: ٥-١٢-٢٠١٩
کاتژمێر: ٤ بۆ ٥ ئێوارە
شوێن: بەردەم نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان
Hobart Pl, Belgravia, London SW1W 0HU 2
نزیکترین ئیستگای قیتار فیکتۆریا ستەیشن لەسەر خەتی شینی کاڕ
Victoria Station
یادی ٦ ساڵ بەسەر تیرۆری ڕۆژنامەنوس کاوە گەرمیانیدا تێپەڕدەبێت، نەک هەشتا نەخشەداڕێژرانی بکوژی ڕاستەقینەی دەستگیر نەکراوە بەڵکو لەسەر کورسی دەسەڵات و لە جێگاو جێگای شیاودا ڕاگیروان و دەستاتدارن تەواوی ئەو کێشانەی تیرۆری ڕۆژنامەنوسان وەهەسوڕاوانی سیاسی بەداخراوەیی هەشتەتە و داخوازی و ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستانی بە ئەو دەسیانە بە وەڵام هەشتەتەوە.
هەربۆیە ئەمە کەمەڵێک لە خەڵکی ئازادیخوازو هەسوڕاوی سیاسی بانگەوازتان دەکەین لە یادی ٦ هەمین ساڵیادی تیرۆری ڕۆژنامەنوس کاوەگەرمیانی دا با پێکەوە بە بیری دەستاتدارانی بهێنینەوە کە کێیسی کاوەگەرمیانی و سەرجەم دەسیەکانی تیرۆی ڕۆژنامەنوسان و ئازادیخوازن و هەسوڕاوانی سیاسی تا ئاشکراکردنی بکوژانی ڕاستەقینەو بەدادگایی گەیاندنی تاوانباران ئەو دەسیانە بزیندوی و کراوەیی لە فکر و زهنی خەڵکی کوردستاندا دەمێنێتەوە.

بۆزانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە ژمارە تەلەفونکانی :
٠٧٤٠٣٣٤٣٥٥٨ -٠٧٤٧٦٢٠٤١٢١
کەمەڵێک لە هەسوڕاوانی داکۆکیکار لە ئازادی
٣٠/١٢/٢٠١٩

دیدی فڕی ڕاهێنان دەبێت … نوسینی/ انور اللامی

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە/ فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

دایکە چڕلەکە بە (دیدی) وت: باڵەکانت لاوازن پێویستیان بە ڕاهێنانە،وەرە باپێکەوە کەمێك بفڕین. (دیدی) بە بڕیارییەوە وتی: دیسانەوە ڕاهێنان؟ من ئارەزووم لە فڕین نییە،خۆت بەتەنیا بفڕە.دایکی وتی:گیانەکەم نابێت کەمتەرخەم بیت.
دیدی لەسەر چڵی دارێکی نزیك هێلانەکەیان وەك ئەوەی خەوتبێت چاوەکانی داخست و لەناکاو گوێی لەدەنگێك بوودەیوت:{زۆر باشە خەوتووە.}،دیدی چاوەکانی کردەوە بینی کوندەپەپوێەك بەخڕایی بەرەوڕووی دەهات و دەیویست بیگرێت.
چڵەکەکەی هاوڕێی چاوی لێبوو خڕا هەڤڕێی وخێی گەیاندە دیدی ،پێی وت:دیدی خڕا بفڕەو لێم دوور مەکەوە. دیدی خڕا هەڤڕێی و خێی ڕزگارکرد.هاوڕێکەی بە ئاسمانەوە ڕێنمایی دەدا بە دیدی تا دڵنیا بوون لەوەی کەمەترسیان لەسەر نەماوە.دواتر دیدی زۆر سوپاسی هاوڕێکەی کردو گەڕایەوە هێلانەکەی. (دیدی) بەسەرهاتەکەی بێ دایکی گێڕایەوەو وتی:[دایکە لەم بەسەرهاتەوە وانەیەکی گرنگ فڕبووم]،دایکی بە پێکەنینەوە وتی:((کەواتە ئێستا لەگرنگی ڕاهێنان گەیشتووی؟)).

ئەم چیرۆکە لە ژمارە (265) ی گۆڤاری پەپولە بە لاتینی باڵاوکراوەتەوە.

لێ چـــاوڕوانی گێ (تێ)دا … نەوزاد بەندی

وات ئەزانی
زۆر ئاسانێ چاوڕوانیی ؟
یان کاتی من

بە کەرستە و
کەل و پەلی خەت ئەزانی ؟

بە داخەوە
زەر بە خەم بووی
نەتئەزانی ،
شەو نەخەوتم
تا بەیانی ..
ئەموت کامیان لە بەر بکەم ؟
کام ڕەنگیان لە سەر بدەم ؟
کام عەتر لە خەم بپژێنم ..؟
کام پەڕاویان ..
بە هەنگاونان لەگەڵ ئەودا
بە کاربێنم ؟

وا ئەزانی
بە دار و تەختە ئەوانی ..؟!

نەتئەزانی
چەندەها کار و پرۆژەم
بە بەگاریەکەی جەنابت
کردەتە قەچی قوربانیی

نەتئەزانی
لە نەوان تە و
خەرمانەک زیکر و تەقوادا ،
کەوتبووم
دەریای قوڵی پەشیمانیی

نەتئەزانی
لە بارەی وردی و ماندوەتی و
هەناس و کەوتم
هیچ نازانی ..

پەیکەرەکی وشک و بە گیان
وەک (کانیەکی
ڕوونی
بەر
تریفەی

مانگ شو)
من بم ئاوانی ..!

– ئاوی ناو کانگا نیوەدڵکی گوران –